# ئاگادارییەك و داوای هەڵوێست وەرگرتن لە هەموو لایەك

# پشتگیری لە فەرهاد پیربالّ بکەن

عەلی مەحمود محەمەد

**2005-10-16**

لە یادمە لە دوای ڕاپەڕین کە هاتیتەوە کوردستان , لەو کاتەی هەموو کورد چاوی لە ئەوروپا بوو , کە دەتیان بینی لە بازاڕ هەموو دەیان وت : ئەوەتە , ئەوە مامۆستا کەرەکەیە , ئەوەی شەقی لە نیعمەتی دنیا داو, هاتەوە بۆ خۆ سوتاندن و قون ڕوت کردن .

مامۆستا گیان , ئەگەر بهاتبایە خۆت نەسوتاندایە , وەك کۆنە جاش و موستەشارەکان , بەنزینت بە ئاگری شەڕی ناوخۆییدا بکردایە , خوێن ساردانە تەقەت لە خۆپیشاندەران بکردایە , دەیانت لێیان خەڵتانی خوێن بکردایە لە گۆڕەپانی ئاشتی , ئەوا ئەمڕۆ سەرۆکی زانکۆ بویت .

مەگەر تا ئێستا ئەو زانکۆیەی ئێستا تۆی دەرکردووە , چەند سەرۆکی کۆنە بەعسی گۆڕیوە ؟.

ئەگەر لە بری پێ پەتی بوون , پۆستاڵت لە پێ بکردایە و کوردت ئەنفال و کیمیاباران بکردایە . لە بری قون ڕووت کردن لە بەرامبەر سوپای داگیر کەری تورکیا , بەرگی جاشییەتی و کەتاف و قتعەتێنی خاکیت لەبەر کردایە , ئەمڕۆ زمانحاڵی کورد و دەم سپی ناو مەجلیسان و وەزیر وئەندام پەرلەمان بوویت .

تۆ هەولێرییەکی ڕەسەنیت , بۆیە باوەڕ ناکەم حیزب و شار بگۆڕیت , ئای چەندە خۆزگەم بۆتان خواست , غیرەتی هەولێرێتی لە خوێنم بووایە , بەخشەندەییان لە ویژدانمدا بووایە , سوارچاکی و ئازایەتییان لە جەستەم بووایە , میهرەبانی و وەفادارییان لە باوەڕو هەستم بووایە , بەڵام خۆزگەکانم بوون بە خەون , ئێستا تۆ هەموو ئەو بەهایانە بە فیڕۆ مەدە , گەورەترین شانازی بۆ مرۆڤی هەولێری , هەولێری بونییەتی , کەمترین مرۆڤیش ئەوانەن حیزب و ڕەنگ و شار و حکومەت بۆ دەسکەوت دەگۆڕن .

هەولێر پێویستی بە کەڵەشێرە , بۆ ئەوەی هەموو بەیانیانێك قوتابیان و لاوان , کرێکاران و هەژارانی سەیداوەو باداوە بێدار بکاتەوە . بەڵام هەر حیزب و شار و بەرگ و ڕەنگت گۆڕی , هەر قونی مامۆستا فەرهاد چەورکرا , نە بانگدانی دەمێنێت , نە شیعر و ڕۆمان و قسە و هەولۆێست و دڵ پاکی دەمێنێت , وەك هەموو ئەو ناشرینانەت لێ دێت دوای قون چەورکردن, نە بانگیان ماوە نە ڕەگیان دیارە . دەبیتە ئەو نووسەرە ناشرینانەی هێڵنجمان دێتەوە بە ناو و نوسینەکانییان , قێزمان دێتەوە لە دوو ڕوییان , ڕشانەوەمان دێتەوە بۆ خۆفرۆشییان , , ئای نەعلەتی نمەکی گەل و وشەو زمانی شیرینی کوردییان لێ بێت .

ئاخر ئەوان ئێستا گەل دەفرۆشن بە دەسەڵاتداران , مەگەر نازانیت وشە و ئێش و ئازارەکانی ئێمەیان کرد بە شیعر و نووسین .

ئەمڕۆ سەروەت و سامانی کوردستانمان لێ دەدزن , دوێنی وشەو ئێش و ئازار و قوربانییەکانمانیان دزی, درۆیان لە گەڵمان کرد , هەی ڕوو ڕەشی مرۆڤایەتی بن .

نەکەی تەسلیم بە گەندەڵی بیت , تەسلیم بە خۆفرۆشی و بەشداری لە دزینی کوردستان بیت, مەگەر نەتبینی چی بۆ مەرزییە کرا , چەند ملیۆن چاو بە فرمێسکت بۆی بینی , ئەی کە بەرپرسێکی گەندەڵ ,

دزێکی گەورە  دەمرێت , چەند ملیۆن دەم بە خەندە دەبینیت , ئەوەیە جیاوازی نێوان مرۆڤی بە هەڵوێست  و  بەرپرسی دز و خۆفرۆش .

ئەگەر ڕۆژی 18-10 ڕۆژی دەرکردنی تۆ بێت , ئەوا ڕۆژی کوشتنی قوتابیان و زانست و هەڵوێستیشە لە کوردستان , ڕۆژی سەرکەوتنی جاشینیزم و گەندەڵینیزمە بەسەرویژدان و هەڵوێستدا .

لێرەوە داوا لە هەموو  ڕۆژنامەو ڕادیۆو سایتە کوردییەکان دەکەم , هەموو ڕێکخراوو کۆڕو کۆمەڵە کوردییەکان لە ناوخۆو دەرەوە , هەموو ڕێکخراوەکانی قوتابیان و خوێندکاران , مامۆستا و ....  , بەرامبەر بەم بڕیارەی زانکۆی سەلاحەدین بوەستنەوە , 18 مانگ ڕۆژی هاوپشتی بێت لە گەڵ مامۆستا فەرهاد . ڕۆژی نارەزایەتی بە کۆمەڵ , تەنانەت ڕەش کردنی سایتە کوردییەکانیش بێت بەرامبەر بەو بڕیارە ڕەشەی زاکۆی سەلاحەدین .

لە کۆتاییدا جگە لە خۆڕاگری چاوەڕوانی هیچی دیکەمان لێت نییە .